١

تایبەتنامەی هاژدەهەمین

# کوردی
# شانۆی
# فستیڤاڵی





حەسار



قابووسا مێرووویان

Scanned with CamScanner

ویژه نامەی شانزدەهمین
جشنواره تئاتر کوردی سقز
19 الی 22 آذر ماه 1398

صاحب امتیاز
اداره کل فرهنگ و ارشاد اسلامی

مدیر مسئول
هیوا حاجی محمدی
سردبیر
رضا رستمی
شورای نویسندگان
سوران محمدی
پرویز رهبر
علی خلیلی
آرمان کریمی
عکس
بهروز اسراری
گرافیک جلد و
صفحه آرایی
حامد حسنی
تایپ و ویراستە
شرمین مهلتی
چاپ
اندیشه





بیست ساڵ بەسەر یەکەمین خولی فستیڤاڵی شانۆی کوردیدا تێدەپەڕێ.
بیست ساڵە شاری سەقز باوەشی خۆی بۆ ئەویندارانی شانۆی کوردی کردۆتەوە و بووە بە ناوەندێک بۆ بەدی هاتنی خەونی ئەو کەسانەی خولیای هەبوونی شانۆی کوردییان بووە، خولیای هونەرێ کە هەڵگری فەلسەفە و دیالکتیک و ئاخافتە و لێوانلێوە لە جوانی.
ئەرێ بیست ساڵە لە مشت وڕی "هەبوون یا نەبوونی" شانۆی کوردی تێدەپەڕێ.
بیست ساڵە تەختە بچووکەکەی شانۆی شاری سەقز ئەزموونگەلی جۆراوجۆری بۆ ئافراندن و پێناسە کردنی شانۆی کوردی بە خۆیەوە بینیوە.
بیست ساڵە ئەویندارانی لەگەڵ بەیت و باو و حەکایەت و ئایین و فۆلکلۆر و وەرگێڕانی دەقگەلی بیانی ململانێ دەکەن. بیست ساڵە سەقز بووە بە ناوەندێ بۆ گێڕانەوەی ئەهامەتە مێژووییەکانی ئەم نەتەوە لە لۆزانەوە هەتا کۆبانێ. بیست ساڵە بە نواندن و گێڕانەوە هەوڵی ئەوە دراوە شانۆی کوردی بخوڵقێ و ناسنامەیێ بۆ خۆی تەیار بکات.
بیست ساڵ بەسەر ترس و سامی نواندنی شانۆ بە زمانی دایکی تێپەڕیوە.
بیست ساڵە...ب...ی...س...

ئێستە کاتی ئەوە هاتووە شانۆی کوردی ستایل و زمانێکی سەربەخۆی ببێ و لە کەڵکەڵەی پرسی "هەبوون یا نەبوون"ی شانۆی کوردی تێپەڕی و بە "شدن" بگات. ئێستە ئەو کاتەیە لە هەمبەر "ئەوانی دی"دا شوناسێکی راستەقینە بۆ خۆی دەستەبەر بکا و بوونی خۆی بسەلمێنێ. ئێستە ئەو کاتەیە زەمان دەوری خۆی بگێڕێ و "شوناسمان" بۆ واژۆ بکات. لەم قۆناغەدا باش وایە پسپۆڕان و ئەویندارانی شانۆی کوردی هەر یەکە و بە پێی توانای خۆی قۆڵی لێ هەڵماڵێ و بە هاوفکری و هاودڵی و بە بەڕێوەبردنی ڤۆرکشاپ و کۆبوونەوە و نڤیسار... هەوڵ بدەن بۆ سەلماندنی "شدن"...

رضا رستمی



# شانۆی حەسار
## وەکوو پردێکی پێوەندی دەروونناسی و شانۆ

سۆران محەممەدی- دەستەی نووسەران

باسی زانست و چۆنیەتی پێوەندی زانست لەگەڵ هونەر، ئەدەبیات و سەرچەشنی بەشەکانی دیکەی زانستە مرۆڤییەکان بەردەوام هۆگرانی خۆی هەبووە. لەم خوێندنەوەدا پێوەندی زانستی دەروونناسی لەگەڵ بابەتی شانۆ تاوتوێ دەکرێ و قسە لەسەر کەڵک-وەرگرتن لە چەمکی دەروونناسی وەکوو بابەتی شانۆ دەکات. بابەت(موضوع)ی هەر شانۆیەک واتایەکە کە شانۆ لە سەری دەنووسرێ. ئەگەر وەک پێکهاتە چاوی لێبکەین؛ بابەت پەیکەرێکە پێوەندی نێوان ئەندامەکانی دیکەی شانۆ ساز دەکا و ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە چەشنێ لەگەڵ بابەتی شانۆ لە پێوەندیدان. ئەم واتایە زۆرجار وڵامێکە بەو پرسیارەی کە شانۆ باسی چی دەکات؟ کە وایە هەر شانۆیەک بابەت یان بابەتگەلیکی لە خۆ گرتووە، ئەم بابەتگەلە دەتوانن واتایەکی سەرەکی و چەندین ژێرکۆمایان هەبێت.شانۆی "حەسار" بۆ بابەتی شانۆکەی ئاوڕی داوەتە بەرهەمێکی ئەدەبی کوردی و زۆر بە جوانی توانیویەتی وەرگرتنێکی باشی هەبێت لە ڕۆمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم" لە نووسینی شێرزاد حەسەن. دیارە ساڵانی پێشوو و هەر لەم فستیواڵە لە سەر ئەم بابەتە شانۆ نمایش کراوە، ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە چی نووسەران هان ئەدات ڕووداوی باوک کوژی دیسانەوە بگێردرێتەوە؟ چ هۆکارێک ئەبێتە هەوێنی ئەوەی لە پەستا ئەم کارەساتە دووپات بکرێتەوە؟ فرۆید لە کتێبی تۆتێم و تابۆدا باس لەوە دەکات کە سەرەتا مرۆڤەکان لە تاقم و مێگەلی بچووکدا دەژیان کە بریتی بوون لە چەند مێ و یەک نێری بەهێز یان سەرۆک کە ڕێگە بە جووت بوونی دیکەی نێرەکان لەگەڵ مێکان نەدەدا و لە ڕانی دوور دەخستنەوە. ڕۆژێک برا دەرکراوەکان کۆ دەبنەوە و باوکیان دەکوژن و دەیخۆن و بەم کارە مێگەلی باوکیان لە ناو برد و ئەو تەکووزییە ڕووخا؛ بێگومان ئەو باوکە تووشەی سەرەتا، بوو بە سەرمەشق بۆ تەواوی براکان کە هەم لێی دەترسان و هەم ئێرەییان پێ دەبرد، ئەوان بە خواردنی باوک توانیان خۆیان وەک ئەو لێ بکەن و هەر کامیان بەشێک لە دەسەڵاتی ئەویان بەدەس هێنا، بە شوێن کوشتن و خواردنی باوک و دەس-تێکەڵ-کردن لەگەڵ ژنەکانی، کوڕەکانی تووشی پەشیمانی و پەشۆکان بوون، بەم بۆنەوە بە قەدەغە کردنی کوشتنی ئاژەڵی تۆتێم کە جێنشینی باوکیان کردبوو و قەدەغە کردنی جووتبوون لەگەڵ دایکان و خوشکان وەکوو تابۆیەک، ویستیان بۆ هەمیشە ئەم شۆڕشە نگریسە و هەستی پاشگەز بوونەوەیان تاهەتایە لە یادا بمێنێ؛ بە وتەی فرۆید ئەم دوو تابۆیە چاوگی ئاکاری مرۆڤایەتین.دەکرێ وەکوو نموونە بۆ ئەم چەشنە نووسینە شانۆنامەی "هاملێت"ی شێکسپیر یان "کافکا لە ڕۆخدا" لە نووسینی هارۆکی مۆراکامی ناو بەرین؛ هەڵبەت ڕۆمانی "ژنە قژسوورەکە"ی نووسراوەی ئۆرهان پامۆکیش زۆر بە ڕوونی لەم شێوە کەڵکی وەرگرتووە، لە ئەدەبی کوردیدا هەروا کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ-کرد دەتوانین چیرۆکی "حەسار و سەگەکانی باوکم" وەکوو نوێنەرێکی باش بۆ ئەم مژارە هەڵبژێرین، لە خوارەوە چەن نموونە لە دیالۆگی شانۆی حەسار دەهێنمەوە کە دالْغەکانی کەسایەتی ناو شانۆ و هەستی پەشیمانیی وەکوو ئەفسانەکەی تۆتێم و تابۆ بە جوانی پیشان دەدات:

{لە زمانی باوکەوە: "لە دەرەوەی ئەم حەسارە و دوور لە چاوانی من کەستان ناژین، ئەو کوڕەشی کە لە من هەڵدەگەڕێتەوە موستەحەقی سەربڕین و خەساندنە، ئەو کچانەشی کە ویستیان سەرم شۆڕ بکەن و ڕەدوو کەوتن کردمنە خۆراکی قەل و داڵ، دەستی من ئەوەندە درێژە دەگاتە بنی دونیا..."لە زمانی کوڕەی بکوژی باوکەوە: "من وتم دەیکوژم و ئیدی ئازاد دەبم، سەرپەست و بەڕەڵڵا، تف لە ڕابردوو، وەی لە داهاتوو، ئیتر کەس نامێنێ بەسەرمدا بنەڕێنێ، تفم لێ بکات، دارم لەسەردا بشکێنێ و قامچی ڕابوەشێنێ، جگەرە لە نێو لەپمدا بکوژێنێتەوە، وتم دەیکوژم و لە فەرمایشتەکانی قوتارم دەبێ، تۆ بڵەی جگە لە من، لەم دونیایەدا کوڕێک نەبووبێ باوکی خۆی کوشتبێ؟ من دەستەپاچە بە چی بم؟ ئەممیان گۆمەزی سەرگۆڕی باوکمە یان شاری سەگە بەوەفاکانی، دەنێو گۆڕی ناو گومبەزێکی ساردوسڕ هاوار دەکەم: خوشکانی بێ مرووەتم... دایکانی سپڵە و فریودەرم ڕزگارم کەن، ئەوەتام لێرە، سەگەکانی باوکم هەراسانیان کردم...... تا ماوم ناحەسێمەوە لە مەزاری باوک کوشتە و کولانەی سەگەکانی، من خۆم بوومەتە گۆڕستانێک کە جگە لە ناڵینی ئافرەتە ڕەشپۆشەکان و سەگوەڕی سەگە هەوسبازەکان هیچی دیکە نابینم و نابیستم..."}.

کە وایە وەکوو وڵامێک بۆ پرسیارەکەی سەرەوە ئەتوانین بڵێین ئەوەی مرۆڤەکان هان ئەدات دیسانەوە خۆیان بدەن لەم گێڕانەوەی کارەساتە ئەوە بێت مرۆڤ دەیەوێت ئەو قەرار و مەرجەی سەرەتا بۆ خۆی دووپات بکاتەوە و ئەرک فرۆم وتەنی لەم ئازادییە هەڵبێت، لەم شانۆدا کوڕی بکوژی باوک هاوار ئەکات: "ئاخ لە ئەمانی ترس! ئاخ لە هاتنی سەربەستی!." حەسارنشینەکان ئارەزوو و خولیایان ئەوە بوو دیسانەوە پەیوەست بینەوە بە دەسەڵاتێک دالْدەیان بدات، هەتاوەکوو ئەو ئاڵۆزییەی بە سەربەستی تووشیان ئەبێ. هەروا کە کوڕی گەورەی حەسار دەڵێ: "زەوی دوو جەمسەرە، جەمسەرێک حەسار و جەمسەرێک گۆڕستان...".







پرویز رهبر
منتقد

**ما همگی طلسم شدگان جادوی دلنشین این واژه (کوردی) هستیم و همانند مریدانی به گرد مراد به دورش حلقه زده‌ایم.**

## فریاد جشنواره، سکوت تئاتر

" جشنواره" ، " تئاتر" ، " کوردی" چه رازی است بین این سه واژه که هر بار برای بودنشان در کنار هم زبانمان در لکنت، دستمان لرزان و دل هایمان پر خون می‌شود. هر چند تلخ، ولی وعده های هر ساله تان برای از بین بردن وبرگول بین این سه واژه را از یاد نبرده‌ایم. ما به تکرار تردید ترکیب هر ساله این واژه‌ها عادت کرده بودیم این وعده‌هایتان بود نابودمان کرد!

" جشنواره" باصلابت ترین واژه در این ترکیب موزون است. هر ساله و هر باره پروژکتورهای سالن هایش برای دیدن، نورانی تر، صندلی هایش برای گفتن، راحت تر، بولتنش برای خواندن، رنگین تر، منوی رستوران هایش برای خوردن، پربارتر و ستاره‌های هتل هایش برای آرمیدن، درخشان تر می شود. این آسایش را به فال نیک می گیریم...

" کوردی" واژه‌ای که بودنش برای با هم بودنمان لازم است. با زمزمه و تامل هر باره بر این واژه شورمان جلا و شعورمان غنا می یابد. همانا هنر ترکیب احساس و اندیشه است و چه متواضعانه" کوردی" این امکان را برایمان فراهم می سازد. ما همگی طلسم شدگان جادوی دلنشین این واژه هستیم و همانند مریدان به گرد مراد به دورش حلقه زده‌ایم. هر چند مریدانی دست به عصا هستیم ولی باکی نیست، تن مرادمان سالم...و اما" تئاتر" که در این هیاهو چه بی‌صدا می بینمش. چه گمراهانه در سور و سرور" جشنواره" و احساسات آنی" کوردی" مهم ترین واژه ترکیب را گم کرده‌ایم. با تمام وجود جابه‌جایی هدف و وسیله را حس می کنم. انگار یادمان رفت اینجا همایش زبان، نمایشگاه لباس و جشنواره موسیقی کوردی نیست. چه ساده این اصل بدیهی را از یاد بردیم که هستیم و آمده‌ایم که تئاتر اجرا کنیم و تئاتر ببینیم. لازم است هر بار به خودمان یادآور شویم که زبان غنی، لباس دلربا و موسیقی گوش نواز کوردی تنها ابزارهایی اند در جهت ارتقای تئاترمان.چنان هنرمندان تئاتری ما در دام نوشتن و اجراهای تکراری افتاده‌اند که اراده و شهامت هر گونه خلاقیت را از خود سلب کرده‌اند.تسلسل محتوا و فرم در تئاتر کوردی به نسبت از تکرار تردید برگزاری جشنواره کشنده‌تر است. تئاتر کوردی نه فرم و نه محتوای تعریف شده‌ای ندارد پس بگذاریم تنها اندیشه و هنر نبض آن را به صدا درآورند. آگاهانه یا ناآگاهانه فرمولی عاری از نفس حقیقی تئاتر برای حضور در جشنواره تعریف شده که نتیجه‌ای جز اسیر شدن در زندان کلیشه‌ها برای هنرمندان تئاتر نداشته است. سخت معتقدم" تئاتر کوردی" نه یک سنت نمایشی و نه یک جشنواره آیینی است و همانا واقلیم تئاتر چیزی فراتر از نمایش است.نگریستن سطحی به روایات کهن و رویدادهای تلخ ادبیات و تاریخ کوردی بدون تامل در نشانه‌های تئاتری نتیجه‌ای جز تهیج احساسات آنی تماشاگران عام و دلزدگی مخاطبین خاص دربر ندارد. این سخن به معنای غفلت از این روایات و رویدادها نیست بلکه به معنای ارجحیت دادن به نفس تئاتر به عنوان هدف اصلی است. شک هملت، جاه طلبی مکبث، پوچی ولادیمر و استراگون و مقاومت برانزه در برابر کرگدنیت می تواند کوردی باشد به شرطی که برخواسته از ناخودآگاه کارگردانی باشد که تئاتر را در فرم و محتوا و کورد بودن را در احساس و اندیشه درک کرده است.

عاجزانه تقاضا دارم مجبورمان نکنید تنها از یک دریچه به تئاتر کوردی بنگریم. اجازه دهید ترکیب" جشنواره تئاتر کوردی" در کنار جشنواره و کوردی بودن، **تئاتر نیز باشد...**

**چه گمراهانه در سور و سرور" جشنواره" و احساسات آنی" کوردی" مهم ترین واژه ترکیب را (تئاتر) گم کرده‌ایم.**

## خوێندنەوەی شانۆی چاوەڕوان

عەلی خەلیلی ... دەستەی نووسەران



ئەگەر بە خێرایی لە سەر ئەو ماکە شانۆییانەی وا سەرەکی-ترین ڕۆڵی هونەری (واتە چێژ وەرگرتن) لە پەردەمنگ ستاند تێپەڕین، ئەبێ بەپێی ئەوەی شانۆی چاوەڕوان ئاوەڕۆکە، ئەکت و زۆربەی ئانە دراماتیکەکان خۆی ئەدا لە فەوارەی فۆرم و بیچمێکی مەیلەو ئەخلاقی کە لە دووی ئاراستە کردنی پەیامە، پەیامێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەک کە وەک بڵێی بۆ بۆنەیەکی ئەفویمی لە میدیۆم تێلیویزیۆندا بڵاو دەبێتەوە بە بەردەنگی دەگەیەنێ کە ئەم خاڵانە دەچنە ریزی چەپەڵییەکانی کۆمەڵگا، بەو پێش-گریمانەی بوونی ئەم ژانرە لە دنیای گێڕانەوە لە هەر ئاستێکی پاپیۆلاری و سەقامگیربوون لە هەر خانێکی ڕەوایەت پرسیارێکی گرینگ ئەوروووژێنێ کە ئایا ڕۆڵی گرێدراوی پەیام و ڕەخنە زەقە لەگەڵ دیسکۆرسی زەریف و هونەری دونیای شانۆ و تئاتر، چەندەیە؟ هەروەها پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ کە دەقێکی شانۆنامە بەو تایبەتمەندییانە تا چ رادەیەک هەتوانێ کردنەوەی جێگا و ڕێگای پەتەنۆڕمی زەریف و جوانی ناسانەی شانۆی هەیە؟ ئەوەی وەک خەسارێکی گەورە زەبری لە شانۆی "چاوەڕوان-" دابوو، ئەوەک چیرۆکەکەی، بەڵکوو شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکی چاوەڕوان بوو. وەک بڵێی چاوەڕوان جوانەمەرگ بووبێ لە نێوان فۆرمێک بە هەندێک کەم و کورتی و ناژەگەری هەڵەوە. چیرۆکی ئەو بنەماڵەیەی دانیشتووی گەرەکێکی پەراوێزی شارن، ئەویش بە کۆمەڵێک کێشەی ئابووری و دەروونییەوە. ڕەنگە بوونی بێ بەڵام گیرۆدەی فۆرمێکی لاواز بووە کە باوەڕکردن بەو چیرۆکەی گەیاندووتە قۆناغێکی ئەستەم و دژوار؛ بۆ وێنە کەسایەتی باوک و خاڵۆ هەردووکیان لە دوو ڕووداوی هات-و-چۆی جیاوازدا مردوون کە هیچ کاریگەرییەکی دەروونی پاش ڕووداوی لە سەر کەسایەتییەکانی ئەو بنەماڵەیە نیە؛ هەڵبەت لە دیالۆگێکی "نارنج" بە کورتی ئاماژەیەکی چکۆلەی پێ ئەکرێ کە هەروا وێڵ ئەبێت و هیچ گرێیەک لە ڕەوتی ڕوون-کردنەوەی پرسیارەکاندا نییە و کەڵکی پێویست لەم نۆخە وەرنەگیراوە. جێگەی سەرنجە تایبەتمەندی دەروونی پارانۆئید لە کەسایەتی لە هەمبەر پەیوەندی عاتفی لیستکانی ڕۆڵی ئاوات ئەکرا کارکەردێکی نمایشی چاکی پێ بدرێ لەو وەرچەرخانە دەروونییە زۆرترین کەڵک وەربگیرێت کە بینەری پێچێکی چیرۆکی ئاست بان ببینێ.لە کۆتاییدا کوشتنی کەسایەتی "کاساڵە" لە خۆیدا هیچ کێشەیەک دروست ناکات، بەڵام ئەبێ وەبیری بهێنینەوە کە ڕووداوێکی گەورە چەشنی مەرگ یان کوشتن پێویستی بە داڕشتنێکی دەقیق و تایبەتە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە لە سەرەتای مێژووی گێڕانەوە و ئەدەبیاتی داستانیدا بە پێی دیاگرامێکی زانستی، هەم ڕێژەی هەیەجان لە سەرەوەیە هەم ڕێژەی ڕووداوە دەرەکییەکان . بەڵام ئەم مێژووە تا دێ مۆدێرنتر ئەبێت و ئەگۆڕدرێ؛ بەو شێوەیە کە هەیەجان هەر لە سەرەوەیە بەڵام ئاستی ڕووداوە دەرەکییەکان دێنە نزمترین ئاستی ئەو دیاگرامە.







## ئەنیماڵیزمی گەل، خەون یان واقیع

## خوێندنەوەیەکی شانۆی "قابووسی مێروویان"



ئارمان کەریمی

شکان، بەردەوام لە ژێر گوشاردایە کە ڕوو دەدات. توانای خۆڕاگری ل هەمبەر تەوژمدا، یەک لەو بابەتانەیە کە دەکری بە درێژی لەسەری بدوێی. "مرۆڤ لە ژێر باری تەوژمدا تا کوێ دەتوانێ پارێزەری ڕۆڵی (مرۆڤ بوون)ی خۆی بێت و لە کوێوە ئەدی دەچێتە دەر لەو بازنەیە؟" ئەوە سەرەکیترین پرسی شانۆی "قابووسی مێروویان"ی ڕێزدار حامد ئیسماعیل وەندە. قابووسی مێروویان بەسەرهاتی ژیانی دوو مرۆڤ/مێرووولەیە کە هەم ئاگاداری خەونی مرۆیانن، هەم ژیانی مێروویان. ڕزگار و سامیە لە دوو قۆناغی زەمانیدا لە دوو هەلکەوتەی جیاوازدا دەژین کە "مرۆڤ"انە ژیانی هاوبەش پێکدێنن، بەڵام وەک مێروویان/ئاژەڵان ژیانیان بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەچێت. ڕزگاری زانکۆ چوو، کە دەگەڕێتەوە بۆ گوندی خۆ و دەزانێت لە ڕێگەی ئەزموونی خوێندنەوە ناتوانێ تێچووەکانی نەخۆشینی سرودەی کچی و ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵەکەی دابین بکات، دەچێتە کۆڵبەری و لەو ڕێگەیەدا هەردوو پای لەسەر مین لە کیس دەچێت. سەرمای کوشەندە، تاریکی شەو، خوێنی ڕژاو و هتد، ئەڵبەت هەمووی ئەمانە بە باری گرانی سەر شانەوە، دەبنە هۆی دروست بوونی "بوونەوەرێکی تازە". بوونەوەرێک کە بە ستانداردێکی گەلەک ئاست نەوی، باوەش بە واقعی خۆیدا دەکات. بۆ وێنە کاتێک ڕزگار لە کۆڵبەریدا هەردووپای دەپژێنە سەر دار و بەردی دزەڕێی کۆڵبەری، سامیە ئەوەندە خۆشحاڵ دەبێ کە ڕزگاری بووە، بۆی وەسف ناکرێت؛ یان کاتێک کە ڕزگار لە ناو جێدا زەلیل داکەوتووە و دەیهەوێ خۆی بکوژێت، داوای سەمی مێرووولەکوژ لە سامیە دەکات کە پێیدات بیخوات و نەجاتی ببێت. ئەگەرچی بە پێی پێش-گریمانەی بیچمگرتووی زەینی بینەری پرۆفێشناڵی شانۆ، گێڕانەوە و نواندنی تەنانەت ڕووداوی ڕێئال، دەبێ جیاواز لە واقعی خاوی بابەتەکە بێت و ڕەنگە ئەو خاڵە لە گشتییەتی ئەزای قابووسی مێرووویاندا هەنێک کز ڕچاو کرابێ، بەڵام بە ڕای نووسەری ئەم بابەتە، نووسەر و دەرهێنەری شانۆی قابووسی مێروویان لە ئەنیماڵیزەی کەسایەتییەکاندا تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بوونە؛ ئەو پرۆژەی کە چاردنووسی ئەمدیو و ئەودیوی سنووری نیشتمانی ڕزگار و سامیەی لە پرۆسەیەکی پلان بۆ دارێژراودا دیاری کردووە. بە جۆرێک کە دەسەڵاتی هێز/هێزەکانی بەرامبەر بووەتە هۆی ملدابینی مێرووولەکان و دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ/مێرووولەکان چ لە واقع و چ لە خەوندا ئاوات بەوە بخوازن کە لە شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایە لە دایک ببوایەن و دەکرێ ئەمە وەک بێزراوی لە شوناسی خۆ لە بەرچاو بگیردرێت. سامیە ژ بۆ ئەوەی کەوتۆتە بەر دەستدرێژی جەهادییەکان و پاش دوو ساڵ بە منداڵێکەوە گەڕاوەتەوە. ئێک شکاوە و ڕزگار، کە تەنانەت بۆ خۆ شتشتنیش کەلی لە سامیە کەوتووە ڕووخاوە؛ چما "شکان" ئەو دنیایە کە ناچارن بکەونە ناوی. هەڵبژاردنی ناوی کەسایەتییەکانی شانۆی "قابووسی مێروویان"یش یەکێک لەو شتانەیە کە جێی سەرنجە! دیارە داڵی ناو ناچارەکی نابێتە بناسی بە حەقی مەدلوولی خۆ، بەڵام دانانی ناوی "ڕزگار" بۆ "دیل"ێکی ناو نوێن و "سروە" بۆ کچێک کە وەک شنە دێتە ناو ژیانی باوان و خۆی کێشەی "هەناسە سوار"ی هەیە. دەرکەوتەی ئەو مەسێجەیە کە نووسەری شانۆنامەکە دەیهەوێ بە بینەری بدات کە مەدلوولەکان پەیڕەوی لە داڵەکانیان ناکەن و ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە، گۆڕینی ژیانی کەسایەتییەکانی شانۆکە بێ، لە مرۆڤەوە بۆ مێروو...

## عبدالله کیخسروی

## گفتگو



**از وجوه اشتراک روایت در ژانرهای سینما، تئاتر و رمان برایمان بگویید.**

طبعا هر سه در خدمت انتقال منویات پنهان رمان نویس، داستان نویس و فیلم اندیش هستند. و تنها تفاوت روایت در سینما، رمان و تئاتر در تکنیک های بیان ژانرهای موجود است. این تکنیک ها هم به فراخور ژانر ها از خصیصه‌ای مختص خود برخوردارند که نقطه‌ی مشترکشان گزاره‌های نمایشی و دراماتیک هستند نه گزارشی. درمیان این سه، تئاتر عینی‌ترین، جسمانی ترین و حاضر ترین روایت است. بر روی صحنه‌ای از گوشت و استخوان و نگاه انسان‌های زنده و حاضر جاری است و به همین جهت بیشتر و هراس‌ناک‌تر از همه با واقعیت بازی می‌کند. آنجا آنچه واقعی نیست را می‌بینیم، اما به چشم خود می‌بینیم که رخ می‌دهد. و حتی در تئاتر متاخر در آنچه رخ می‌دهد مشارکت هم می‌کنیم، بازی داده می‌شویم، تجربه‌ای از سر می‌گذرانیم، چیزی بر ما رخ می‌دهد. این درهم‌تنیدگی خیال، رخداد و واقعیت در تئاتر، در عین رخ‌نمایی و غیرواقعی بودن آشکار و طعنه آمیزش، تئاتر را به عنوان یک تجربه‌ی ناب جمعی از دیگر اشکال روایت متمایز می‌سازد.

**چرا در میان همه ژانر های ادبی از رمان، داستان کوتاه، نمایشنامه به نسبت آن یکی ژانر ها انگار که کمی مهجور مانده؟**

تنها نمایشنامه با این کم لطفی مواجه نیست به واقع فقدان یک سیستم تربیتی صحیح که مخاطبینی پویا و اکتیو طالب مطالعه و دیدن با کیفیتی متعالی و والا را در پی داشته باشد بسیار ضعیف عمل کرده است. باری شما درست اشاره کردید به تمام این تفاسیر به نمایشنامه از دیگر ژانر های ادبی کمتر پرداخته شده است و در مهجور ماندن نمایشنامه اصولا شناختی یا مخاطب نقش تعیین کننده ای دارد. در جامعه ی ما علی الخصوص در میان مردم کورد تئاتر دیدن چندان مورد علاقه نیست همین هم همیشه باعث انحراف نمایش به سمت نمایشهای مبتذل دبستانی میشود. تئاتر رخدادی زنده و در واقع رخدادی است. در زمان‌های باستان آیین بوده است و امروزه نیست هست. عده‌ای در مکانی جمع می‌شوند تا دسته‌ای از آن ها وانمود کنند که دارند زندگی می‌کنند (بازیگران) و دسته‌ای دیگر (مخاطبان) وانمود کنند که باور کرده‌اند. هر دو طرف این وانمود طرف مقابل را می‌پذیرند و ارج می‌نهند. اگر بازیگران وانمود کنند تماشاگران وجود ندارند، آنها هم فرض می‌گیرند که خودشان وجود ندارند. این تجربه‌ی واقعی امر غیرواقعی از تئاتر تجربه‌ای آیینی و جادویی می‌سازد و هر مردمی آیین‌های خودشان را دارند. آموختن جادویی تازه خودش شبیه یک جادو و معجزه است که اگر قرار باشد بشود و ریشه بگیرد از میراث مردم ریشه خواهد گرفت. نمی‌توان تئاتر را مانند موبایل به زندگی مردم وارد کرد و از سوی دیگر نمی‌توان فولکلور و روایات سنتی صرف را به جای تئاتر گرفت و پذیرفت. مردم باید در معرض تجربه نمایش قرار بگیرند و لذت آیینی آن و تنوع فرم‌های روایی آن را بچشند، و جدیت آن را با غنای تجربه‌ای که می‌توانند بدهد بفهمند و نه با نظریه‌پردازی و ارزش‌دهی تحمیلی از بیرون.

**برای نمایشنامه‌نویس‌های جوان چه توصیه‌هایی دارید؟**

توجه و عنایت بسیار به آثار پیشینیان خصوصا ادبیات شفاهی، صد البته نباید این توجه به کیفیتی باشد که از فاکتور اندیشه های جدید و مدام در حال تکوین فاصله بگیریم... مادامی که عقبه بازتولید آن درون مایه ها هستیم فرض هم باید بی رحمانه به پرداختی جدید برسیم که این امر معلول ذوقی سلیم و خلاق است.

**آیا [illegible] مفاهیم [illegible] و فرم های داستان، رمان و نمایشنامه هست. آیا بازتولیدشان ممکن است؟**

حتما فرایندهایی قابل بازیابی است. مگر نه اینکه رمانش با سعی و زحمت فراوان تبدیل به رمان شد و سینمای مبتذل(فیلم فارسی) به فیلمهای فاخر مهرجویی و تقوایی و ... تبدیل شدند. طبعا به شرط وسواس در تصحیح و ویرایش بی دقتی های موجود در ادبیات شفاهی و با ممارست در آثار جهانی نوشته شده امکان بازتولیدشان هم وجود دارد.

**نظر شما در مورد واقع [illegible] و حقیقت در همه ژانر های روایت چیست؟**

فکر میکنم نمایش حتی در سبکهای پست مدرن آن هم محتاج واقع گرایی ای نسبی است چراکه اصلی ترین عنصر برای یک حقیقت مانندی صحیح باورپذیری با چفت و بست های منطقی و فریبای روایت است و قطعا توان واقعنمایی در هر ژانر بستگی به توان اجرایی صاحبان آن ژانر دارد. همچنان که به عنوان مثال حتی در نقاشی انتزاعی هم غرض انتقال احساسی واقعی و بنیادی است. افراطی‌ترین اشکال تئاتر پست‌مدرن هم تجربه و احساس موقعیتی را می‌دهد که هر چند خواب‌گونه و پریشان، اگر از تجربه‌ی پریشانی زندگی واقعی نیامده باشد و رگ و استخوانش تنیده از واقعیت نباشد، برای من نیست، حرفی با من انسان واقعی، نمی‌زند.

## گفتگـــــــو

## سونیا فاروقی

من فکر می‌کنم هر تئاتر و به طور کلی هر هنری که مخاطب را «می‌گیرد» و به جایی می‌برد، چنگالی از جنس واقعیت تجربه شده‌ی مخاطب دارد و اگر مخاطبی گرفته است را به جایی نمی‌رساند، بدین جهت است که در واقعیت جهان او انســـان بـه جایی نمی‌رود. در حال کیفیت و غنای تجربه‌ی هر تئاتری، به نظر من، حتی در غرابت تجربه‌اش بـه ممکن بودن این تجربـه برای من انسانی وابسته است.




سونیا فاروقی: طراح لباس

رابطه‌ی بین برداخت شخصیت دقیق و ظریف و فاصله گرفتن از آفرینش کاراکتر تیپیک به وسیله‌ی طراحی لباس را چگونـــه میبینید؟]

برای رسیدن به یک شخصیت دقیق و ظریف، کار یک طراح لباس تئاتر، بررسی موشکافانه مفهوم سناریو و شخصیت‌هـــــا است. که این پروسه نیاز به زمان زیادی برای فکر کردن و آنالیز همه عناصر یک شخصیت دارد.

برای به وجود آمدن یک شخصیت دقیق، طراح لباس می‌تواند با طرح پرسش‌های بنیادین از کارگردان به هدف خود که خـــلق یک شخصیت است نزدیکتر شود که کاراکتر در چه دوره‌ی زمانی زندگی می‌کند و محل زندگی و از همه مهتر عادات شخصی کاراکتر چیست؟

تا احتمال اینکه خود این شخصیت لباس را انتخاب و به تن کرده است برای مخاطب قابل درک باشد

بخاطر بهره‌گیری ها و اقتباس ها بیشتر آثار فستیوال کوردی از ادبیات پاستورال خوشحال میشویم که قضاوتتان راجع به این ژانـــر از طراح لباس در حال و همین طور پیش بینیتان از تغییرات احتمالیش در آینده بشنویم.

استفاده از ژانر پاستورال در جشنواره ی کوردی برای همه قابل درک است

به نظر من تا حدودی طراحی لباس‌ها یکنواخت و یک شکل بودند و این بیشتر به خاطر اهمیت ندادن به موضوع طراحی لبـــاس است یعنی تا حدی که به صحنه اهمیت داده می‌شود از کنار طراحی لباس خیلی ساده می‌گذرند

در صورتی که در ژانر پاستورال هم میشه خیلی تنوع و ریزه کاری‌های چشم نوازی انجام داد

تا تئاتر کوردی هم بتواند در حوزه ی طراحی لباس خودی نشان دهد

به رغم ضعف واضحمان در خصوص لذت بصری از سبک زندگی مان و رسوخ آشکار این کج سلیقگی بصری به صحنه تئاتـــر، راه گریز به سوی انتخاب های زیبا و چشم نواز طراحی لباس را چگونه تحلیل میکنید؟

دلیل اینکه یک سری کج سلیقه گی ها به صحنه ی تئاتر وارد شده این است که همیشه طراحی لباس را با تهیه و هماهنگ ســـازی لباس‌ها اشتباه می‌گیرند.که بیشتر از ناشی از کمبود بودجه برای گروههای تئاتری می‌باشد.

در غیر اینصورت طراح لباس می‌تواند با هماهنگی کارگردان، گریمور و طراح صحنه به یک هماهنگی لازم دست پیدا کنند و بـــا تحقیق در مورد پالتهای رنگی و انتخاب متریال لازم به خلق یک اثر هنری مرتبط با کاراکتر سناریو و هماهنگ با صحنـــه و گری

آیا جریان یا موج تازه‌ای متناسب با تغییرات ناتقـــــه‌ای و تغییرات معرفتی امروزه در طراحـــــی لباس تئاتر روی داده است؟

در حال حاضر متاسفانه به دلیل هزینه هایی که طراحی لباس می‌برد طراحی لبـــــاس را به درستی انجام نمی‌دهند و از این قسمت چشم پوشی می‌کنند.البته این عدم طراحی در برخی کارها به خاطر نمایشنامه کار است چرا که این نمایشنامه‌ها سبک رئالیستـــی دارد به همین خاطر فضای بسیار ساده‌ای را برای آن در نظر می‌گیرند.در مورد نمایش های پیشرفته به طور مثال کارهای سورئـــال، نئوسورئال، مدرن، آوانگارد و ... الزاماً نیاز به طراحی خاص برای کار احساس می‌شود تا همه چیز متناسب با نمایشنـــامه باشد. و من امیدوارم درآینده شاهد طراحی لباس‌های متفاوت و فکر شده توسط طراح لباسهای حرفه‌ای باشیم.

# بـــــــه بـــى دەق دڵــــــى شانــــــۆ لـــــى نادات



عەبدول ڕەحمان عەزیزی

شانۆی کوردی یەکێکە لە هەرە گرینگ‌ترین هونەرەکانی کورد و کوردستان و ئەمڕۆکە لە شارەکانی کوردستاندا چـەندین شانۆ بە شێـوازی جۆراوجۆر دەچێتە سەر شانۆ و نمایش دەکرێت، و ڕۆژ لە دوای ڕۆژی گرینگییەکی زیاتر بەم بـــواره دەدرێت.هەڵبەت شانۆی کوردی بە تایبەت لە کوردستانی ئێران، بۆ گەیشتن بەم قۆناغە ڕێگەیەکی سەخت و دژواری بڕیوە.

ساڵانی ڕابردوو و بە تایبەت لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و بە پێی بڕیاری فەرمی و دۆخی ناوچەکە کۆمەڵێک شانۆ بە زمانی فارسی نمایشکران، کە زیاتر بۆ فێستیڤاڵەکان یا خۆ ڕێوڕەسمی تایبەت بە دامودەزگاکانی حکومەت بوون و زۆرتر لە شانۆگەلی کلاسیکـــــی وەرگێراو لە ئەدەبی فارسی یا خۆ دەقی وەرگێردراو لە زمانەکانی دیکە پێک دەهاتن.

هیچ تێبینی و گوتار و ڕەخنە و خوێندنەوەیان لە سەر نەدەکرا و لە لایەن بەرپرسان و چاپەمەنییەکانی حکوومیش بان بەها و گرینگیـــان پێ ئەدەدرا بان بە شێوەیەکی ناعەقڵانی بە بەرز و باڵایاندا هەڵدەوترا.

ئەو شانۆیانە لە سەرەتادا هەتا دەیەی حەفتای هەتاوی بینەرێکی زۆریان هەبوو، بەڵام کەم تیـــن و بێ گیان بوون و زۆرکەم خـــاوەن بنەمایەکی فیکری و هەڵگری پرسیار و تێرامان بوون و نەیاندەتوانی ورووژێنەری گفتوگۆیەکی جدی و کۆمەڵایەتی بن یان لە پاش خۆیـــان ڕەوتێکی هونەری و شانۆیی بخولقێنن.هەر بەو هۆیەش شانۆ لەو دەمەدا نەیتوانی خۆی بگەیێنێتە ئاستی ژانرەکانی مۆسیقـایی و ئەدەبیی وەک شیعر و چیرۆک و پەخشانی کوردی و لە ئەدەب و هونەری کوردی دابڕا و بەرەوڕووی کەمایەسیی بینەر و بەردەنگ بوو؛ بەردەنـــــگ بە زمانی بێ زمانی هاواریان دەکرد شانۆیەکان دەویت کە دەروەستی بە ژیانی خویانەوە بێت. پاش ئەوە بوو کە شانۆی فارسی و کـــوردی لە ناوچە کوردەواری بۆ چەند ساڵێک قەتیس‌ما.بە دەرچوونی خوێندکارانی شانۆ لە قوتابخانە و زانکۆکان و پێگەیشتنی بەرەی گەنـــج و جیلی نوێ و تێگەیشتنی خوێندکاران و نووسەر و شاعیرانی هاوچەرخ لە زەروورەتەکانی سەردەم و گۆڕانکاری لە بیرەوانەمەگەلـــی فەرمی و حکوومی لە دەیەی هەشتاکانی هەتاوی، ڕەوتێکی نوێ لە بواری شانۆییدا دەستی‌پێکرد.

کۆڕی و گرووپ و دەستەوتاقمی شانۆیی سەربەخۆ بە شێوازێکی نوێ و ئورگانیستی لە سەر بنەما و ململانێی هزریی نوێ و بە ئاوڕدانەوە لە سروشت و ڕەوتی ژیان سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهان و بە تایبەت ژیانی کوردەواری و بە پشت‌بەستن بە دەقی خۆماڵی سەریان هەڵـــدا. ئەگەرچی هەوڵەکانی ئەمان تا ڕادەیەکی زۆر نەریتی و تەقلیدی، کەم و لاواز بوو، بەڵام لە گەڵ خۆی مزگێنی‌دەری ڕەوتێکی تازە بـــوو کە هەوڵی دەدا بە شێوازێکی زانستی و تێگەیشتنی دروست مامەڵە لە گەڵ شانۆ بکات.ئەم ڕەوتە وەک وتم هاوکات بوو لە گەڵ دەرچـــوونی خوێندکارانی کورد و هەڵگیرسانی ڕەوتێکی نوێ لە بواری شانۆییدا.

وەرگێڕانی دەقی شانۆیی کلاسیک و بەرهەمە گەورە و ناسراوەکانی جیهانی شانۆ و هەروەها نووسینی دەقی شانۆیی لە دوای سەرهەڵدانی ئەو بەرە نوێیە، کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ و تازە بوو بەڕووی شانۆی کوردییەوە و سەرەڕای تەواو کەم و کۆڕییەکان، چـــرای شانۆی کوردی لەوساوە هەڵگیرسا و ڕووناکایی خستە سەر پەردەی شانۆ.

دەقی وەرگێراو لە ئەدەبی کلاسیک و وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی لەم قۆناغەدا دەرفەتێک بوو بۆ ئاشتبوونەوەی بەردەنگ لـــــە گەڵ شانۆ و شانۆی کوردی و فەرهەنگی ڕۆشنبیرانە و تێکستی فیکری کـــــــوردی وەک پاڵپشتێک بۆ شانۆی کوردی ئاوری لـــێدرایەوە. بەڵام لەو قۆناغەشدا شایەدی نووسینی شانۆنامە و لێکۆڵینـــــەوەی جیدیی خۆماڵی نین و شانۆنامەی کوردیی بەپێز ئامادەبوونێکـــــی بەرچاوی نییە، ئەگەرچی یەکەم هەنگاوەکانی ئەو پرۆسەیە دەستی پێکردبوو؛ پرۆسەیەک کە پێدەچوو ڕێگەیەکی سەخڵەت و چەتوونی لەبەرە. چونکە نێوەگلانی کورد لە کارەساتگەلی گەورە و دڵتەزێن لەو ســـەردەمەدا دەستی باڵای بوو لە ناوەکێن نواندنی ڕێگەی گەیشتن بـــە ئامانجەکانی شانۆی کوردی و پەرەستاندنی. هەڵبەت شانۆی کوردی لەو کاتەدا زۆر ئازایانە هەمان ڕەنج و نەهامەتی و کارەساتی خەڵکی کوردی قۆزتەوە و گرێی داوە بە هیوا و ئازار و ئەوینی مرۆڤایەتی بە گشتی.بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەنگاوانەی لە بواری شانـــــۆی کوردیدا هەڵگیراوە، ئەوی هێشتا وەک کەمایەسییەک بە ناوچاوی ئەم هونەرەوە هەست پێ‌دەکرێت جێگەی بۆشی دەقی شانۆیی و شانۆنامەیە. شانۆنامەکان لە بری ئەوەی بەهرە لە چیرۆک و ئەدەبی کۆن و زارەکیی کوردی وەرگرن، هێشتا سەرقاڵی دەقە مۆدێرن و نوێیەکان بوون و بە بێ ئەوەی بیر لە نوونیەتی و ئامەزرووی بینەری کورد بۆ بیستن و دیتنی سەرچەشنە کوردییەکان بکەنەوە.شانۆی مەم و زین، شـــێخ و سیامەند، سیدەوان، سپی مەند، گەنجو خەلیل، زەنبیل فرۆش و زۆر دەقی دیکەی وەک ئەوان توانیویانە سەرنجی بینەر و نووســـەری کوردی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و مێژوویەکی زێڕین لە ماوەی ئەم بیست و چەند ساڵەی ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا بـــە‌جێهێلن. کەوانە گرفتی سەرەکی چ نییـــــــە جیا لە هـــــەمان دەقـــــی شانـــــــۆی کوردی و هەڵبـــــــژاردن و چوونیەتی نمایشکردنی. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە دەبێت تەنیا و تەنیا بۆ شانۆی کوردی بەهرە لە دەقی کلاسیک و کوون یان چیرۆک و بەسەرهاتی دێرینی کوردی وەرگرین، بەڵکوو مەبەست ناسینی ئایدیا، فۆرم، شێواز و ستایلی نووسین بە پێوەری ڕوانینی ئەمڕۆیی و بەکارهێنانی ئەو دەقانە لە قەوارەیەکی نوێ و ستاندارە کە هاوکاتی ئەوەی دەروەستی بە فەرهەنگ کۆن و کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردەوە هەیە، خۆدەبوێرێت لــــە بێزارکردن و تۆراندنی بینەران.لەمناوە ڕەوتی شانۆنامەنووسیی کـــوردی زۆر بە ئەسپایی و خاو هەنگاو دەنێت و زوریش کەم و کـــوڕی تێدایە، بەڵام شانۆ گەشە دەکات و ئەزموونێکی چڕ و دەوڵەمەند لە خۆی بە جێ دێڵێت.



Scanned with CamScanner

دەقی وەرگیراو لە ئەدەبی کلاسیک و وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لەم قۆناغەدا دەرفەتێک بوو بۆ ئاشتبوونەوەی بەردەنگ لــــە گەڵ شانۆ و شانۆی کــوردی.

شانۆنامەنووسی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر نامۆیە و تا ئێستا نەیتوانیوە وەک ژانرێکی سەربەخۆ دەرکەوێت و پێویستە لەوبارەوە هــــەوڵی زۆر جیدی بدەین هەتا جێگە و پێگەی شیاوی خۆی بدۆزێتەوە و دەبێ نووسەرانیش کاتێکی زیاتر بۆ ئەم ژانرە تەرخان بدەن و هــــەروەها شانۆکارانیش هاوڕێ و یاریدەدەری نووسەران بن. ئەگینا شانۆنامەنووس بە تەنیا ناتوانێت دەقی سەرکەوتوو بنووسێت و بەرهــــەمێکی زیندوو و مۆدێرن بخولقێنێت. ڕۆڵی شانۆکار بۆ یارمەتیدانی شانۆنامەنووس ئەوەیە کە لە پێناو باشترکردن و بەپێزترکردنی بەرهەمەکەی، پێشنیار و ڕەخنەی هونەریی شیکارانە و شانۆگەرانە لە سەر نووسراوەکە ئاراستە بکات.شانۆنامەنووس و شانۆکار دوو چینــــــی پێکەوە گرێدراوەن، کاتێک شانۆنامەنووس نەیتوانی بەرهەمەکەی بباتە سەر شانۆ و بە تەواوەتی خۆی لەو جیهانییە داببڕێت، ئیتــــــر شانۆی ئەو گەلە ڕوو لە داڕمان و لە ناوچوون دەنێت و لە گەڵ پەرەسەندنی بێ متمانەیی، کەلێنێک دەکەوێتە نێوان هونەری شانۆ و کۆمەڵگـــــە. بە بێ دەق دڵی شانۆ لێ نادات و بەرەو تەنگژەی مەرگ دەچێت و بە سەختی چارەسەریشی بۆ دەستەبەر دەکرێت.بۆیە دەبێت هەموو هەوڵی خۆمان بدەین کە لە بناغەوە بە هزر و جەستەی نووسینی شانۆنامەدا بچینەوە.

## شانۆ هەنگاوێک بەرەو پێش

## بە بۆنەی دەست پێکردنی شانزدەهەمین فستیڤاڵی نێو نەتەوەیی شانــــۆی کوردی سەقــــز



فەرەیدوون محــــەمەدزادە
ماستەری ئەدەبی شانۆیی

مۆدێرنیتە وەکوو ڕەوتێک جیهانی ئەمڕۆی لە بەر گرتوە. مۆدێرنیتە شێوازی نوێی ژیانــە. شێوەی سوننەتی ئیتر ناتوانێ جوابی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ بداتەوە. کە وایە ئەبێ دەرباز بین. دەرباز بوون لە سوننەتەوە بۆ مۆدێرنیتە. سوننەت لە ئۆتۆپیــــای ڕابردووی خۆیدا خول ئەخوات. ئۆتۆپیایەک کە دیار نیە ڕاست بێ. کە وایە بەردەوام ئەگــــەڕێتەوە بۆ دواوە و ئامانج و ئارەزووەکانی خۆی لە ڕابردوودا ئەبینێ و بەردەوام تێ ئەکۆشێ بگــــەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە. بەڵام مۆدێرنیتە داهاتوو ئەبینێ. داهاتوویەک بەرەو پێش کەوتن، بــــەرەو ڕووناکی. مۆدێرنیتە لە گۆڕان پێک دێت. ئەو شتانە وا لە سوننەت دایە ئەبێ بگــــۆڕدرێ. وێنەی ئاسایی ئەم گۆڕانکاریە لە شکڵی ژیاندا بە دی ئەکرێ. تکنۆلۆژی شێوازی ژیــــانی گۆڕاوە. ئەم ئامرازانەی وا لە دەور و بەرماندایە هەمووی شکڵی مۆدێرنی ژیانە. چنینــــی کەل و پەلی ماڵ، ژیانی ماشینی، مۆبایل و دنیای مەجازی و.... بەڵام مۆدێرنیتە تەنیــــا لە کەل و پەلی مۆدێرن پێک نایێت. لە زۆر بواری تردا پێویستە گۆڕانکاری بکرێ تــــــا مۆدێرنیتە پێک بێت. گرینگترین گۆڕانکاری لە ئەندیشەدایە. ئەندیشە ئەگەر نەگــــۆڕدرێ هیچ گۆڕانکاریەکی زاهێری ناتوانێ مرۆڤ و کۆمەڵگا بە مۆدێرنیتە بگەیەنێ. کە وایــــە هەنگاوی یەکەم گۆڕانی بیر و هزرە. بیری سوننەتی ئەبێ بگۆڕدرێ. بیری سوننەتی چیە؟ بیری سوننەتی ئەوەیە کە ئێمە سەنتەری جیهانین. بیری سوننەتی ئەوەیە کە بــــەردەوام حەق بە ئێمەیە. بیری سوننەتی ئەوەیە کە چی ئێمە ئەڵێین ڕاست و درووستە و باقــــی باتڵە. بیری سوننەتی ئەوەیە کە ئەبێ هەموو وەکوو ئێمە بیر بکەنەوە. بیری سوننــــەتی خۆ بە جیا زانین لە جیهانە. بیری سوننەتی تاک بوون و یەکە بوونە و پێچەوانەی تەواوی ئەم باوەڕانە مۆدێرنیتە. بەڵام مرۆڤ و کۆمەڵی سوننەتی چۆن ئەتوانێ گۆڕانکاری بە سەر مێشکیدا بێنێ و مۆدێرنی کات؟ بە دڵنیاییەوە بە خوێندن، بە دیتن، بە گەڕانن، بە بیــــر کردنەوە و بە وت و وێژ. شانۆ یەک لەو گرینگترین ئامرازانەیە کە ئەتوانێ بیر و هزر لە سوننەتەوە بۆ مۆدێرنیتە بگۆڕێ. شانۆ دژ بە تاک بوون و یەکە بوونە. شانۆ کۆمەڵێــــک لە باوەڕهای جۆرواجۆرە. بەردی بناغەی شانۆ لە سەر دیالۆگ بونیات نراوە. کۆمەڵێــــک کەس پێکەوە وت و وێژ ئەکەن و بە سەر هاتێک ئەگێڕنەوە. شانۆ بە هاوبەشی دانانــــی بیری گشتیە. بە هاوبەشی دانانی بیر و باوەڕە. کە وایە کۆمەڵگایەک بیهەوێ بەرەو پێش بڕوات بیەوێت لە سوننەت تێپەڕ بێ و مۆدێرن بێتەوە ئەبێ شانۆی بێ. ئەبێ ئیــــش لە سەر شانۆ و شانۆگەری بکا. ئەبێ هەوڵ بۆ شانۆ بدات.

تایبەتنامەی شازدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقز

# " اصلاحیه "

با عرض پوزش از داوران عزیز جشنواره و مخاطبین بزرگوار
به علت اشتباه در چاپ مجددا رزومه آنان تقدیم حضور می گردد
با احترام تحریریه



دکتر [illegible]

نویسنده و کارگردان سینما و تئاتر
داورچندین دوره فستیوال جشنواره‌های بین المللی تئاتر خیابانی مریوان
و جشنواره تئاتر کوردی سقز دکترای
(مطالعات سینما) دانشکده علوم نظری ومطالعات عالی هنر 1390



دکتر رفیق نصرتی

نویسنده، منتقد، پژوهشگر و مدرس تئاتر
نویسنده ی کتاب مجازی، دلالت فنجان خالی
و چندین مقاله ی علمی- پژوهشی
عضو کانون ملی منتقدین ایران و داوری
جشنواره های فجر، کوردی سقز و...



دکتر فارس باقری

نمایشنامه نویس، کارگردان، نویسنده
برگزیده ی دو دوره ی ادبیات نمایشی سال ایران
برای نمایش "پروانه بر ناقوس" و "با شب"
برگزیده ی داستان نویسی و دریافت قلم زرین

## اعضای دبیر خانه جشنواره‌ی تئاتر کوردی



هیوا حاجی محمدی
دبیر جشنواره



علیرضا اسماعیلی
دبیر اجرایی



اسماعیل پاشایی
عضوه دبیرخانه



داریوش رفیعی
عضوه دبیرخانه



ادریس دلارامی
عضوه دبیرخانه



امیر زارع زاده
عضوه دبیرخانه



سالار سلطان پور
عضوه دبیرخانه

Scanned with CamScanner





## خبر فستیوال

امروز جلسات نقد و بررسی تئاترهای اجرا شده با حضور علاقمندان به تئاتر در سالن شماره 2 و کافه پلاس برگزار گردید و حضار و منتقدان به تبادل اندیشه، به گفتمان روی آورند



" در روز سەشنبە 19 آذر ماه از کتاب " ادبیات اقلیت و تئاتر کوردی در کافه شیان رونمایی گردید. نویسنده این کتاب آقای صلاح محمدی از پیشکسوتان تئاتر کردستان می‌باشد. وی در این مراسم به معرفی کتاب خود پرداخت. این مراسم با استقبال علاقه‌مندان به تئاتر روبه‌رو گردید








**ژیان بە کاتی ژنایەتی**

.همزمان با فستیوال در نگارخانه ارشاد نمایشگاه نقاشی اثر هنرمند پریا علیزاده دایر است
این هنرمند عنوان نمود که فعالیت ادبی و هنری خویش را از سال 1386 شروع نموده و
.نمایشگاه را با موضوع معضلات زنان ده جامعه برپا نموده است

# بــێ شرۆڤـه

























Scanned with CamScanner

## چاوەڕوان





## جن و جنۆکە

Scanned with CamScanner

Taybetnamey Diwazdehemin Mehrecani Sanoy Kurdi Saqiz

19-22 sermavez 2019

Scanned with CamScanner